# نامەکانی ڤانگوخ

## نامەی ٣٢

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سالار مەجید**



تیوی ئازیز :

لە دواهەمین نامەمدا سەبارەت بە کەتەلۆ گی سالۆنی (نمایشگە) بۆم نوسیبوویت کە ئەگەر توانیت ئەو کەتەلۆگەم بۆ پەیدا بکەیت, بەڵام ئەگەر پەیداکردنەکەی بە نسیبمان نەبوو ئەوە نیگەران مەبە ئەوەندەش گرنگ نییە .

بەڵام کاغەزی (ئەنگەر) بۆ وێنەکێشان لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیانمە کە هەر کاتێک ویستت بێیتە لام یان هەر کاتێک کە بۆت کرا ئەوا لە ناردنی ئەو جۆرە بێبەشم مەکە.

خۆم برێکی چاکم لەو کاغەزە وەک زەخیرەیەک لە (بروکسل )ەوە لەگەڵ خۆم هێنابوو بەڵام بە داخێکی گرانەوە ئێستا یەک پارچەشم نەماوە و هەرهەمویم تەواو کردووە .

تیوی ئازیز! بە چێژێکی زۆرەوە لەسەر ئەو کاغەزانە وێنەم دەکێشا, ئەو کاغەزانە بۆ هێڵکارییەکانی من کە بە قەڵەمی قامیش کار دەکەم زۆر زۆر باش بوو, لێرە لای خۆم کاغەزی ساف دەست دەکەوێت (کاغەزی جۆری زبرو باشیش لێرە دەست دەکەوێت بەڵام بۆ هێڵکاری و سکێچ گران دەکەوێت).

بە هەموو تواناتەوە هەوڵبدە تا دەتوانیت لەو کاغەزەم بۆ بنێرە ئەگەر نەتتوانی زۆرم بۆ پەیدا بکەیت ئەوا هەر چەندێکت دەستکەوت بۆم بنێرە, ناردنی ئەو کاغەزانە بۆ من لە هەموو شتێک زیاتر شادمانم دەکات

ڤنسنت فان کوخ



# نامەیەکی شیعریی شێخ مەحموودی نەمر
# بۆ شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم

تێبینی/

١/ ئەم شیعرەی شێخ مەحمودی نەمر لە وەڵامی نامەیەکی شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم نوسراوە کە شێخ عەبدولکەریم داوا لە شێخ مەحمود دەکات دەست لە شۆڕش هەڵبگرێت و منداڵی موسڵمان بە کوشت نەدات و شۆڕشەکە بە فیتنە دەزانێت و فەرموودەیەکی پێغەمبەری بۆ دێنێتەوە کە دەڵێت: (**الفتنة نائمة لعن الله من ایقضها**).

٢/ ئەم شیعرە بڵاونەکراوەی شێخ مەحمودم لە یەکێک لە دەستنووسەکانی خوالێخۆشبوو (مەلا خورشید سیامەنسووری) وەرگرتووە کە کاتی خۆی لە پەنجاکاندا سەردانی شێخی کردووە لە بەغداو شێخ مەحمودیش ئەم شیعرەی پیداوە

زاهیر کەرکوکی

عەزیزم من نە(جانی)و نە(زانی)
بە دەردی دەهر گیرۆدەم بزانی
لە فەحوایی حەریسی فتنەدا من
تەبەرام، قەت وەکو خۆتم نەزانی
بە ئاوێنە تەماشای خۆتکە شێخم
هەموو کرداری خۆتی تیا ئەزانی
لە دایک باوکەوە کاک ئەحمەدیم من
لە جوملەی قاتلی جەددم نەزانی

شێخ مەحمود

